www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-6-2006 21:30

## مۆندیال لە نێوان هاندەران و ڕەخنەگرتن ... ڕزگار کۆچەر

ئێستا لە جیهان قسەو باس هەر یاریەکانی مۆندیالە.... ئەو دەڵێت بەرازیل جامەکە دەباتەوە.. ئەوی تر دەڵێت نەوەلا ئەلمانیا باشترین جانسی هەیە جونکە جەماوەرو خاک لە بەرژەوەندی ئەون..

ئەوی تر دەڵێت بە خوای ئەرژەنتین (تۆپ) بە هەمویان داویت!!!!!!!!!!!!!! هەموو ئەو قسەو بۆ جونانەی خەلک دەبی ڕێزی لێبگرین جونکە هەریەکە و هاندەری هەلبژاردەیەکە بە جۆریک خۆشەویستی بۆ تیپەکەی خۆی دەردەبرێت....

دیارە دور لە پەخش کردنی یاریەکانی مۆندیال هەندێک دیمەنی جوانمان لە کاتی بەرێوە بردنی یاریەکان بینی ولاتانی دراوسیی ئێراق و کوردستان بە جوانترین شێوە و ڕازاندنە وەی شوێنە گشتیەکان مەبەستم لەم شوینانەنەیە کەوا خەلک رووی تێدەکەن پێشوازیان لە یاریەکان کردوو بە شاشەی گەورە پلازما یاریەکانیان پێشکەش بە ئامادەبوانی ئەم شوێنانە کرد... تەنانەت هەندێک لەم شوینانە دەستکەوتێکی بازرگانی گەورەیان دەست کەوت هەر لە فرۆشتنی ئالای تیپە بەژداربووەکان وتا فرۆشتنی دریسی هەلبژاردەکان.

لە دوبەی وا لە هەندەران کرا وا هەست بکەن لە نێو گۆرەپانەکانی ئەلمانیان.... . لە سوریاو لوبنان و ئەردەن ومیسر کجە شۆخەکان رومەتی خرو جوانیان بە ئالایەک نەخش کرد و لەگەل هەر گۆلێکی هەلبژاردەکەیان دەستیان دەکردە جەپلە رێزان و هەناسەی شادیان هەلدەمژی.... .

هەر لە مۆندیال لە رێگای شاشەی تەلەفزیۆن بە دیداری هاورێکم شا دبووم کەدمیک بوو وینەی لام ونبوو کاتێک لە نێو گۆرپانەکانی ئەلمانیا خۆی وهاوسەرەکەی بە ئالای کوردستان کەوتبوونە نێوان سەدها هاندەری شۆفێنی عەرەبی و ئالای کوردستانیان بەرز کربۆوە..

لە سۆمال گەنجان ومرزش دۆستان رژانە سەر جادەوە شۆستەکان و هێزەکانی دادگای ئیسلامیان یەرد باران کرد هەر تەنها لەبەر ئەوەی ئەم هێزە یاریەکانی مۆندیالیان حەرام کردو نەیان هیشت هاولاتیە برسیەکانی ئەم ولاتە بۆ جەند جرکەیەک دوربن لە جەنگ و شەر ناوخۆیەکان...

لە ئەففانستان گەنجان ومندلان بە هاوکاری رێکخراوە بیانیەکان لە نێو ئەو گۆرەپانەی کە جاران خەلکی تیدا گولە باران دەکرا خولێکی هاوشێوەی مۆندیالیان ئەنجام داو هەر کۆمەلە گەنجێک ناوی هەلبژاردەیەکیان لە خۆ نا تا بەهەست سۆز لە مۆندیال نزیک بن.

لە کوردستانی خۆشمان هەمومان خەریکی سەیر کردنی یاریەکان بووین بە دیمەنە جوانەکان سەرسام دەبووین.... ... بە برینیدیمەنی ئامادەبوانی ناو پاریگا لە لایەن هەندێک کەنالی ناوخۆ دیەها پرسیار لامان دروست دەبوو... هەر لە کوردستان وەک لەرۆژنامەکان خۆێندمانەوە بە تایبەتی لەشاری دەربەندیخان هاندەرانی بەرازیل لە یاری ژاپۆن بە جەقۆ کەوتە گیان ئەو کەسانەی دژ بە هاندەرانی بەرازیلن و جەند کەسێکیان زامدار کرد!!!!

لە هەمووش سەیرتر.... .. هەندێک لەوانەی تا ئێستا نازانن رەخنە جیە و هەربە شان باڵ هەڵدەن و خەریکی ماستاو ماستاو جیاتین پییا ن وایە دەبێت هەمو شتەکان بە کەیفی ئەوان بێت و مۆندیالیش تێکەل بە سیاسەت بکرێت..

ئاخر کەسێک لە بوجونی رۆژنامە نوسێک تێنەگات و بە ناحز ونەیار لە قەلمی بدات هەر تەنها لەبەر ئەوەی لە رۆژنامەیەکی ئازادی وەک هاولاتی داوی کردوە بازرگانی بەیارییەکان نەکرێت و موعلیقەکانمان بی لایەنی خۆیان لە کاتی شیکردنەوەی یاریەکان نیشان دەن.... دلیان فرەوان بێت لەگەل ئەوانەی پەیوەندیان... پێ دەکەن... دەبێت بۆ جونی ئەم کەسە جی بێت کە تائیستاش نازانی ناحەز کییەوە دۆست کێیە خوا رەحمی کرد وەک کابرای کۆنە هاوریی نەکردوو نەی کردین بە جاسوسی ئەم لا.... !!!!!!!

rzgar77@hotmail. com